# بۆ /بەڕێز پارێزگاری کەرکوك

**بەڕێز**

ئێمە پێش چەند ڕۆژ وەکو وەفدێك بە نوێنەرایەتی جەماوەری شار لەگەڵ ئێوەدا دوو جار کۆبووینەوە بۆ وەلآمدانەوەو چارەسەرکردنی کێشەی نەبوونی سووتەمەنی و ئاووکارەباو کارە خزمەتگوزاریەکانی تر. وەپێکهاتین لەسەر ئەوەی کەئێمە سەرپەرشتی دابەشکردنی داهاتە نەوتیەکان بکەین بەمەبەستی کارئاسانی کردن لەگەیاندنی بەدەستی هاولآتیان، بەلآم شێوازی بەدەمەوەگرتنی ئێمە لەلایەن ئیدارەوە بەتایبەت بەڕێوەبەرایەتی داهاتە نەوتیەکان کارەکەی ئێمەی کەهێشتا سەرەتایەتی بەبنبەست گەیاند.

ئێمە لێرەدا بەپێویستمان زانی کەپێتان ڕابگەیەنین کەئەم بەدەمەوەگرتنە هەوڵێکە بۆ سەرنەگرتنی ئەنجامی ئەو گفتوگۆیەی کەلەنێوان ئێمەو ئێوەدا ڕوویدا ، بۆیە ئێمەلێرەوە بەشێوەیەکی ڕەسمی ڕای ئەگەیەنین کەئەنجامی ئەم دانیشتنانە شتێك ناباتە پێشەوە لەچارەسەرکردنی کێشەکان وەئێمە وەکو بەرپرسیارێتیەك کەلەئەستۆماندایە ئەم ئەنجامانە بەئەمانەتەوە بەجەماوەر ڕائەگەیەنین ، وەئێمە بەباشمان زانی کەپێش بلآوکردنەوەی ڕاگەیاندنی خۆمان ئێوەی بەڕێز لەهەڵوێستی خۆمان ئاگادار بکەینەوە، هاوکات ئێمە پشتیوانی خۆمان لەهەر خۆپیشاندانێکی هێمنانە بۆبەدیهێنانی خواستەکانی جەماوەر ڕائەگەیەنین .

**تێبینی**

دەقی ئەم نامەیە لەگەڵ ڕاگەیاندنی دەستەی نوێەرایەتیدا بلآو ئەکەینەوە

لەگەڵ ڕێزماندا

**دەستەی داکۆکی لەداخوازیەکانی**

**جەماوەری شاری کەرکوك**

2006/8/20